# پشووی لەناکاو

نوسینی : کاژڤان

April 01, 2005

بەیانی زوو، کیژ هەبوو بسکە جوانەکانی داهینا، وتیان مەکتەب نییە.

کورە خوێن شیرینەکان دەستیان دایە جانتایە شینەکەیان، وتیان دەرگای مکتەب داخراوە.

پیاوەکە ژنەکەی سوارکرد تا نیوەی رێگاش چوون، وتیان دەوام نییە.

زۆریش مامەلەکانیان دەست دایێ بچنەوە رۆژانەی تەواوکردنی مامەلەکانیان، زانیان دەوام نییە.

پیرە خانەنشینەکان بۆ رێزگرتنی بەرهەتاوی وەرگرتنی مووچەکانیان بە کوورە کوور چوون، پێیان وتن شەو هەوالەکان وتویەتی دەوام نییە.

زۆر بۆ دەوام چوون

زۆر بۆ پارە وەرگرتن چوون

زۆر بۆ سەر تەختە رەقەکانی مەکتەب و زاکۆ چوون،

زۆریش نەچوون و نەیانزانی بۆ ئەو رۆژە بویتە عوتلـــە، بۆ بویتە پشووری رەسمی.

زۆریش هەر نازانن بەچە یۆنەیەك رۆژی **3/31** پشوی رەسمیە، ئەوەی کە راست دەرنەچووە، ئەوەبوو، ئەو عوتلەیە بە بۆنەی کۆڕەوەکەی سالّی**1991** نەبوو. بەلکو بە بۆنەیەکی ئاینیە ..!! ئەگەر وا بڕوات هەموو رۆژانەمان بۆنەی ئاینی هەیە، ژیان و مەکتەب و کاریش رادەوەستێ.